# بزووتنەوەی ژنانی کورد، داخواز و ڕێکخراوە

یەکەم: داخوازییەکان

ئەورۆ یەکێك لە پرسیارە گرینگەکان کە ئاراستەی ژنانی تێکۆشەری کورد لە کوردستانی عێراق دەکرێت، ئەوەیە کە ژنانی عێراق بەگشتی و ژنی کورد لە ل کوردستانی عێراق ب تایبەتی لە چ قۆناغێك دایە و لەم قۆناغەدا ئەبێ چ ئەرکێك وەئەستۆ بگرێ تا کۆسپێك لە کۆسپەکانی پیاو مەزنی لەسەر ڕێگای خۆیاندا لابەرن و لانیکەم هەنگاوێك بەرەو یەکسانی ماف ژن و پیاو لە کۆمەڵگای داهاتووی کوردستان و عێراق دا هەڵبگرن!

لەم بارەوە ئەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە بزووتنەوەی ژنان هەم لە عێراق و هەم لە کوردستانی عێراق، بە ڕادەیەکی زۆر لەژێر کاریگەری بزووتنەوەی نەتەوەی عەرەب و ناسیونالیزمی کورددا نەیتوانیوە وەکوو بزووتنەوەیەکی سەربەخۆ و بۆ وەدەس هێنانی ماف یەکسانی ژنان بێتە مەیدانی خەباتی جەماوەرییەوە. بۆیە ئەم بزووتنەوەیە تا سەردەمی ڕاپەرینی 1991 لە کوردستانی عێراق بە گشتی تێکەڵاوی بزووتنەوەی خەڵکی کوردە و چونکە داخوازییەکانی ئەم بزووتنەوەیە جەماوەری بوو، وە کۆمەڵانییکی بەرینی خەڵك تێیدا بەشدار بوون، ژنی کوردیش بەهۆی بەشداری لەم بزووتنەوەدا کە لە بنەرەتیشەوە عادڵانە بوو، توانی دەور و نەقشی خۆی لە کۆمەڵگادا بدۆزێتەوە.

بەڵام لە چوارچێوەی عێراق دا وەزع بەمجۆرە نەبوو. ڕاستە کە حکومەتی دیکتاتۆری فاشیستی بەعسی عێراق مەجالی بە ژن داوە کە لە چالاکی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا بەشدار بێ و هێشتویەتی ژنان بگەنە پلە و پایەی بەرزی حیزبایەتی و تەنانەت یەکێکیشیان ببێتە ئەندامی ناوەندی حیزبی بەعس. بەڵام چونکە لە ئەساس دا ژنان چوارچێوە و قەوارەی حکومەتێکی پیاوەمەزنییان بە ڕەسمییەت ناسیبوو و لەم دام و دەزگایەدا ئەبوون بە خاوەن پلە و پایەی کۆمەڵایەتی، ئێمە شاهیدی بزووتنەوەی ژنانی عێراق نەبووین. لە کاتێکدا سەدام حسێن دەیان ژنی بە تاوانی خۆشەویستی سەر ئەبری و سەری براوی ئەم ژنانەی بە سەر دەرکی ماڵەکەیاندا هەڵدەواسی، هیچ جم و جۆڵێك لەنێو ژنانی عێراقدا وەرێ نەدەکەوت و بە پێچەوانە، زۆربەی ژنانی عێراق چونکە ساڵانێکی زۆر لەژێر سەیتەرەی داب و نەریتی عەشیرەیی و پیاومەزنیدا بوون، ئەم کردەوانەیان بە کردەوەیەکی شەرعی و ڕەوا ئەزانی.

ڕێژەی ژنانی هەڵسووراو لە ڕیزی ئەحزاب و ڕێکخراوە سیاسیەکانی دژ بە حکومەتی بەعس (هەڵبەت غەیری کوردستان) ئەوەی پیشان ئەدا کە بزووتنەوەی ژنان تەنانەت لەنێو ژنە چالاکەکانی عێراق دا وەها قورسایییەکی نەبووە تا ئێمە ئەورۆ شاهیدی بزووتنەوەیەکی بەرچاوی ژنان لەنێو کۆمەڵگای عێراقدا بین.

ئەورۆکەش وەزعی بزووتنەوەی ژنان لە کوردستانی عێراق و باقی شوێنەکانیتر کە دەسەڵاتێکیتر بێجگە لە دەسەڵاتی دوو دەوڵەتی کوردییان لەسەرە، وەکوو یەك نین.

کوردستانی عێراق ماوەی 13 ساڵە کە بە راپەرینی خەڵك و یارمەتی نێودەوڵەتی و هەروەها لاوازی دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی عێراق، بە شێوەیەکی سەربەخۆ ئیدارە ئەبێ و لە وەها ئیدارەیەکدا ژنان چ بە شێوەیەکی راستەوخۆ وەکوو رێکخراوەی سەربەخۆی ژنان و ژنی هەڵسووراوی تاکەکەس و چ وەکوو رێکخراوی ژنانی سەربە حیزبە سیاسیەکان، توانیویانە بزووتنەوەیەك وەرێ بخەن.

ئەم بزووتنەوەیە، بزووتنەوەی ژنانە! ژنان تا رادەیەك خاوەن ئەزموونی خۆیانن، داخواز و موتاڵباتی خۆیانیان هەیە و هەروەها توانیویانە هەندێك سەنتەر و رێکخراوەی سەربەخۆش پێك بێنن! ژنان توانیویانە دەنگی دلێری خۆیان بە گوێی ژنانی باقی عێراق و هەموو ناوچەکانی دیکەی کوردستان و دنیا بگەیەنن! ئەم بزووتنەوەیە گەیشتووەتە رادەیەك کە دۆست و دوژمن ناتوانێ حاشای لێ بکات.

بارودۆخی ئێستای عێراق ئەرکێکی گەورەی خستوەتە سەرشانی بزووتنەوەی ژنان و هەڵسووراوانی ئەم بوارە، بەڵام بە داخەوە ئەگەر بزووتنەوەی ژنان لە عێراق دا نەتوانێ بارودۆخەکە بە باشی هەڵبسەنگێنێ و خۆی بۆ ئامادە بکات، ناتوانێ پێشرەوی بکات و بەرەو پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی یەکسان هەنگاو بنێت. دیارە، بارودۆخی سیاسی ئێستای عێراق، یەکجار زۆر ئاڵۆزە.

دەسەڵاتی سیاسی هێشتا دیاری نەکراوە، لە لایەکەوە ئەم وڵاتە بە دەست هێزەکانی ئامریکاوە داگیر کراوە و ئەوە ئامریکایە کە قسەی ئاخر دەکا، لە لایەکیتریشەوە دەسەڵاتێکی کاتی بریتی لە نوێنەرانی حیزب، نەتەوە، قەومییەتەکان و عەشیرەتە جۆراوجۆرەکان پێك هاتووە کە خۆی بە خاوەن دەسەڵات دەزانێ و خەریکە لەسەر ئەساسی رێنوێنیەکانی دەوڵەتی ئامریکا پرۆسەی هەڵبژاردن و دامەزراندنی حکوومەتێکیتر بەرەوپێش دەبات.

لە بەشێك لە خاکی عێراق دا هیچ کام لەم هێزانە دەسەڵاتیان نیە و هێز و تاقمیتر وەك شیعە و سوننە خەریکن حوکم و یاساکانی خۆیان بەسەر خەڵکدا دەسەپێنن. غەیری کوردستان نەبێ کە تا رادەیەك تیشکی روناکی پێشکەوتن خوازی و ئازادیخوازی لێی کەوتووە، لە باقی شوێنەکانیتری عێراق، بە داخەوە هەوری رەشی بیروبۆچوونی ئائینی خەریکە ئاسمانی ئەم وڵاتە ئەگرێتە بەر و سێبەری ئەم هەورە رەشە بەر لە هەر کەسێك ئەکەوێتە سەر ژنانی هەژار و زولم لێکراوی ئەم وڵاتە.

وردە وردە حیجابی ئیسلامی ئەو بەشە لە وڵاتی کە وا لەژێر دەسەڵاتی شیعەکان دایە داپۆشیوە. هەرچەند کە بەپێی قانون و یاسا، هێشتا حیجابی ئیسلامی نەبۆتە ئیجباری، بەڵام بە کردەوە و بە زەخت و زۆری مەلا ئائینییەکان و حیزبە کۆنەپەرەستەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی ئێران، حیجابی ئیسلامی بووە بە پۆششی

ڕەسمی ژنان و ئەگەر ژنێکیش بە پێچەوانەی ئەوە بکات، سووکایەتی پێ دەکرێ و بە شێوەیەکی غەیری ڕەسمی سزای دەدەن.

جگە لە ناوچە شیعە نشینەکان، حاڵ و وەزعی ژنان لەو بەشانە کە لەژێر دەسەڵاتی کۆنە بەعسییەکان و ئیسلامیە سوننییەکان دایە لە ناوچە شیعە نشینەکان باشتر نییە.

هەروەك باسمان کرد وەزعی بزووتنەوەی ژنان لە کوردستان تا ڕادەیەك لەچاو باقی ناوچەکانیتری عێراق لە پێشترە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش، ژنانی ئازادیخواز و لایەنگری یەکسانی دەبێ ئەوە بە باشی بزانن کە بۆ ئەوەی بتوانن مافە سەرەتاییەکانی خۆیان مسۆگەر بکەن و جێپێیەکی قایم بۆ داهاتووی هەنگاوە بەرەوپێشەکانی خۆیان دەستەبەر بکەن، دەبێ لە هەموو توانایییەکانی خۆیان کەڵك وەرگرن و ئەو داخوازی و موتالباتە بهێننە ئاراوە کە خواست و قازانجی زۆرینەی ژنانی عێراقی تێدا بەدی دەکرێت.

یەکێك لەو داخوازییانە کە دەتوانێ ڕاستەوخۆ کاریگەری هەبێ لەسەر نەتەنیا بزووتنەوەی ژنان، بەڵکوو هەموو بزووتنەوەی سەربەخۆیی و ئازادیخوازی خەڵکەکانی عێراق، "جیایی دینە لە دەوڵەت".

مانای جیایی دین لە دەوڵەت ئەوەیە کە ئاسەواری ئایین و مەزهەب لە هەمو شئوناتی ژیانی خەڵك و بە تایبەت ژنانی عێراق نەمێنێتەوە. هەموو ئەو یاسایانە کە بۆتە هۆی هەڵاواردن دژ بە ژنان، دەبێ هەڵوەشێتەوە و هەموو ئەو یاسا و کردەوانە کە ئەورۆ بووەتە هۆی ئەوەکە ژنان بچنە سووچی ماڵێ و خانەنشین و ماڵداری بکەن، دەبێ هەڵوەشێتەوە، مانای جیایی دین لە دەوڵەت ئەوەیە کە جەماوەری تینوی ئازادی و سەربەخۆیی نەبنە داردەستی مەلا شیعە و سوننەکان و تەسلیمی ئەو بریارانە نەبن کە سەدان ساڵە جەماوەری خەڵك و بە تایبەت ژنانی بەرەو دواوە بردووە.

بزووتنەوەی ژنان لە هەموو عێراق بە عام و لە کوردستان بە تایبەت ئەوە بە باشی دەزانن کە، هەرجۆرە سەرکەوتنی دینی لە عێراق بە مانای تێداچوونی هەموو ئاوات و ئارەزوەکان و بە مانای دامەزراندنی یاسا و قانونێکی خراپ تر لە یاسا و قانونی زەمانی بەعسە و دەبێتە هۆی خانەنشین بوونی ژنان!

سەرکەوتنی ئایین و مەزهەب و هاتنە سەر کاری هەرجۆرە حکومەتێکی ئیسلامی بە مانای مەجال پەیدا کردنی داب و نەریتی کۆن و عەشیرەیییە کە هەر ئێستاش بە داخەوە خەریکە لە کۆمەڵگای عێراق دا پەرە دەستێنێ.

ئاشکرایە کە جیایی دین لە دەوڵەت، یەکێك لە ئامرازەکانی گەیشتن بە دیموکراسییە، بەڵام ژنان جیاواز لە پیاوان و جیاواز لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا، لە جیایی دین لە دەوڵەت قازانج وەدەست دێنن. ئەورۆ لە زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێهەم لە وێنەی وڵاتی ئێران، هەموو بە باشی دەزانین کە زۆربەی یاسا و ڕێسای دژ بە ژن لەسەر ئەساسی ئەحکامی ئایینی دامەزراوە. پیاوەزنی و داب و نەریتی کۆن و دژی ژن پێوەندی

**راستەوخۆی بە مەزهەبەوە هەیە. زۆربەی ئەو یاسا و ڕێسایانە کە هەلاواردنی ژنی لێ دەکەوێتەوە، وەکوو یاسای وەراسەت، تەلاق، حەزانەت، شەهادەت و هی‌تر، هەموو لە شەریعەتەوە وەرگیراوە.**

**ژنانی عێراق بە تێکرا و ژنی کورد بە تایبەت ئەوە دەزانن کە لە حکوومەتی داهاتووی عێراق دا نابێ ئەسڵی جیایی دین لە دەوڵەت، لەوەدا ببیننەوە کە سەرۆك کۆمار و سەرۆك وەزیرەکەیان پیاوی ئایینی نی‌یە، یان بە رواڵەت حکومەتەکەیان وەکوو کۆماری ئیسلامی ئێران یا دەوڵەتی سعودی راستەوخۆ مەزهەبی لە سەرووی هەموو شتێکەوە دانەناوە. بەڵکوو بزووتنەوەی ژنان حەق وایە داوا کاری هەڵوەشاندنەوەی یاسای ئەحواڵی شەخسی بێ. داواکارییەکەیان دەبێ ئەوە بێ کە ماف بەخێو کردنی منداڵیان هەبێ، داواکاری دەبێ ئەوە بێ کە وەکوو پیاو ماف تەلاقی هەبێ و دەبێ داخوازییەکەی ئەوە بێ کە هەموو ئەو یاسا و ڕێسایانە کە لەباری کۆمەلایەتی و سیاسی و ئابوورییەوە، دەسەلاتی پیاویان بەسەر ژنان دا داسەپاندووە، هەڵوەشێتەوە.**

**بزووتنەوەی ژنان دەبێ هەر لە ئێستاوە کە چارەنووسی دەسەلاتی سیاسی دیاری نەکراوە، بەدیل و ئاڵترناتیوی خۆی بکاتە داخوازی تەواوی ژنانی عێراق.**

**هەر لە ئێستاوە ژنانی عێراق دەبێ زەمانەتی ئیجرایی بۆ هەموو داخوازی و موتاڵباتیان وەرگرن. زەمانەتی ئیجرایی یانی ئەوە کە ژن وەکوو پیاو لە هەموو بوارەکاندا ماف کارکردنی هەبێ و حەقدەستی لە پیاو کەمتر نەبێ!، یانی ئەوە کە ئەگەر بێکار بوو پوڵی بێکاری وەرگرێ!، یانی ئەگەر لە مێردەکەی جیا بۆوە، سەرپەنایەکی هەبێ!، یانی ئەگەر منداڵەکانی بردە لای خۆی بتوانێ بە ئاسانی بە خێویان بکات! یانی ئەوە کە وەکوو پیاو ماف میرات، شەهادەت و حەزانەتی هەبێ!**

**هەر لە ئێستاوە ژنانی کوردستان بە تایبەت و عێراق بە گشتی دەبێ ئەوە بزانن کە بزووتنەوەی ژنان هی چین یان توێژ یان میللەتێك و قەومێکی جیاواز نی‌یە. بزووتنەوەی ژنانی عێراق ئەگەر نەتوانێ داخوازییەکانی خۆی لەسەر ئەو ویست و داخوازییانە بونیات بنێ کە هی هەموو ژنانە، ناتوانێ سەرکەوتن وەدەست بێنێ.**

**یەکێك لە خاڵە گرینگەکانی ئەم دەورەی بزووتنەوەی ژنان لە کوردستان و عێراق ئەوەیە کە ژنان بەپێی تایبەتمەندی داخوازییەکانیان ئەتوانن ئامرازێك بن بۆ پێکهێنانی یەکگرتنی ئازادیخوازی و سەربەخۆیی گەلانی عێراق. داخوازییەکانی بزووتنەوەی ژنان دەتوانێ ببێتە ڕەنگدانەوەی ویست و ئارەزوی کۆمەلانی بەرینی ژنان لەنێو سەرجەم کورد، تورکمان، عەرەب، ئاشووری، یەزید و کەڵدانییەکاندا. داخوازییەکانی بزووتنەوەی ژنان دەتوانێ ببێتە هۆی هاتنە مەیدانی هێزی لەبن نەهاتووی کۆمەلانی خەڵك بۆ بەرگری کردن لەم جۆرە کردەوانە کە بێجگە لە کوشت و کوشتار و تالان و ماڵوێران و سەرەنجام دیکتاتۆری، هیچی‌تری بە دواوە نابێت.**

**دووهەم: ڕێکخراوە**

ژنانی عێراق بەگشتی و ژنانی کورد بە تایبەتی دەبێ بۆ گەیشتن بە داخوازییەکانیان دەبێ ڕێکخراوێکیان هەبێ، ئایا ژنان دەتوانن بۆ وەدی هێنانی ئارەزوەکانیان هەرکام لە ماڵی خۆی و بە تەنیا خەریکی خەبات و تێکۆشان بێ؟ ئایا بۆ بە سەرەنجام گەیاندنی داخوازییەکانیان دەکرێ ڕێکخراوە و تەشکیلات و تەشەکولی جۆراوجۆریان هەبێ؟

چاوخشاندنێك بەسەر 13 ساڵ خەباتی ژنان لە کوردستانی عێراق و نزیك بە 2 ساڵ خەبات لە عێراقی دوای دیکتاتۆری سەدام حسێن، ئەوەی نیشان داوە کە بەبێ ڕێکخراوە یان بە هەموو جۆرە ڕێکخراوەیەکیش ناتوانن سەرکەوتنێکی بەرچاو وەدەست بێنن.

دیارە لەم ماوەیەداژومارەیەك لە  ژنانی کوردستان کاری زۆریان کردوە، ڕەنجی زۆریان کێشاوە، ڕێکخراوەی ژنانیان  پێك هێناوە و ئەزموونی باشیان وەدەست هێناوە بەڵام ئەوە کاریکی بچوکە لە چاو ئەو ئەرکە کە دەکەویەتە سەر شانیان ، یانی نە توانیویانە ڕێکخراوەی جەماوەری ژنان پێك بێنن و نە توانیویانە داخوازە سەرەکیەکانیان بکەن بە داخوازی جەماوەری کوردستان و عێراق.

پرسیاری گرینگ بۆ ژنانی عێراق و بە تایبەت بۆ ژنانی خەباتکاری کوردستان ئەوەیە کە ئایا دەتوانن بۆ وەدی هێنانی داخوازییە بنەرەتییەکانیان وەکوو "جیاوازی دین لە دەوڵەت و بن بڕ کردنی پیاوەمەزنی لە عێراق و کوردستان" بەم ڕێکخراوانە کە دوای ڕاپەرینی 1991 یان دوای ڕوخانی ڕژیمی بەعس لە کوردستان و عێراق پێکیان هێناوە بەدی بکەن و بێنە نێو مەیدانی خەبات و تێکۆشان؟ بە بڕوای ئێمە، وەڵامی ئەم پرسیارە ناتوانێ ئیجابی بێت. بزووتنەوەی ژنان لە هەر دوو بەشەکەی عێراق، یانی کوردستان و باقی شوێنەکان بە باشی ئەوەی نیشان داوە کە بەم چەشنە لە خەبات و ڕێکخراوە، لەوانەیە توانیبێتیان دەسکەوتی مەحدود وەدەست بێنن. لەوانەیە لەو بەشەدا کە وەکوو پێشتر برا و باوك و مێرد دەیتوانی لەسەر قسەی پووچ و بێئەساس بیان کوژی، یان لوت و گوێیان ببڕێ، سەرکەوتوو بوبێتن و ئاڵوگۆڕیان پێك هێنابێ، بەڵام ئایا ژنان توانیویانە لەوە دڵنیابن کە لە داهاتووی عێراق دا حکوومەتی شەرع و شەریعەت دەسەڵاتی ڕەشی خۆی بە سەریاندا داناسەپێنێ؟ ئایا ژنان لەوە دڵنیان دەتوانن داب و نەریت و یاسای کۆنەپەرەستانەی عەشیرەیی لە عێراق تور دەن و ڕەسم و یاسایەکی مۆدێرن و ئینسانی لە جێگای‌دا دانێن؟

بەداخەوە بزووتنەوەی ژنان لە عێراق و بە تایبەت لە کوردستان دا نەیتوانیوە هێشتا وەها ڕێکخراوەیەکی جەماوەری و سەربەخۆی ژنان پێك بێنێ کە بتوانێ ئەم داخوازییە سەرەکییانە لە عێراق، بۆ خۆی مسۆگەر بکات.

بزووتنەوەی ژنان بۆ ئەوەی کە ئەم داخوازییە سەرەکییانە بۆ خۆی مسۆگەر بکات و بۆ ئەوەی کە بتوانێ بچێتە گۆرەپانی سیاسی کوردستان و عێراق، پێویستی بە رێکخراوێکی سەربەخۆ و جەماوەری هەیە.

ژنانی خەباتکار و لێهاتووی بزووتنەوەی ژنان لە کوردستانی عێراق، باش دەزانن کە پیاوەمەزنی و هەڵاواردنی جینسی، لەلایەن دەوڵەت و قودرەتی سیاسی حاکمەوە سازمان دەدرێ و بەبێ ئەو هێز و دەسەڵاتە ژنانیان بۆ سەرکوت ناکرێ. ژنان بۆ خەباتی دژ بە پیاوەمەزنی، تەنیا ناتوانن لەگەڵ مێرد و باوك و برای خۆیاندا بەرەورووو بن، بەڵکوو لەگەڵ دەوڵەت و حکومەت و دەسەڵاتی سیاسیدا بەرەوروون. مانای ئەمە ئەوەیە کە بزووتنەوەی ژنان سیاسییە و دەبێ لە رێگای دەخاڵەتی ژنان لە سیاسەت دا بتوانن ئەم دەرفەتە بۆ خۆیان برەخسێنن.

بەهۆی ئەوەی کە بزووتنەوەی ژنان سیاسیە، بۆ وەدەس هێنانی داخوازییەکانیان، بەرامبەر بە حکومەت و دەسەڵاتی سیاسی دەبنەوە، بۆیە بەمجۆرە رێکخراوانە کە بزووتنەوەی ژنان لە حاڵی حازردا لە کوردستان عێراق دا هەیانە، ناتوانن ئەم دەرفەتە بۆ خۆیان بخوڵقێنن. بزووتنەوەی ژنان دەبێ یەکگرتوو بێ. ژنان دەبێ پلاتفۆرمی خۆیانیان هەبێ.

ژنان دەبێ رێکخراوی جەماوەری خۆیان پێك بێنن. ژنان نابێ بکەونە پەراوێزی حیزب و دەسەڵاتی سیاسییەکانەوە، بەڵکوو دەبێ لە رێگای هێزی خۆیان ببنە بەشێك لە حکومەت و دەسەڵاتی سیاسی. ژنان نیوەی زیاتری کۆمەڵگای کوردستان و عێراقن و نابێ وەکوو کەمینەیەکی بچووك دەرکەون.

بزووتنەوەی ژنانی کوردستانی عێراق، تا ئەو جێگایەی بۆ رێکخراوە و سازماندانی دەگەرێتەوە، گەلێك کۆسپ و تەگەرەی لەسەر رێگادا هەیە.

زۆربەی ئەو ژنانە کە ئەورۆ هەڵسووراوی مەیدانی خەباتی ژنانن و هەرکام لە جێگای خۆیدا بۆ بزووتنەوەی ژنان وەکوو کۆڵەکەیە کە پێشتر هەڵسووراوی حیزب و رێکخراوە سیاسییەکانیتر بوون. زۆربەی ئەم حیزبانە لەژێر دەسەڵاتی پیاوەمزنیدا، ژنانیان لە چالاکی نواندن لە کاروباری جەماوەری و رێکخراوەیی بێزار کردووە و بەشێکی زۆر لەم ژنە هەڵسووراوانە ئەورۆ پێیان باشە بە تەنیا و وەکوو تاکەکەس هەڵسووراو بن.

هەڵبەت ئەم بۆچوونە تایبەت بە بزووتنەوەی ژنان لە کوردستانی عێراق نیە و لە مێژە وەها بۆچوونێك کە لە بنەرەتەوە پێی وایە سیاسەت کردن لە دنیادا رەنگ و بۆی پیاوەمەزنی هەیە و بەو بۆنەوە ژنان دەبێ لە سیاسەت کردن دوری بکەن، لە ئارا دایە. لەوانەیە حەق بە ژنان بێت و حاکمیەتی سەرمایەداری بونیادێکی پیاوەمەزنی لە هەموو عالەم دا دارشتبێ. بەڵام ژنانی تێکۆشەری ناو بزووتنەوەی ژنان بە باشی ئەوە دەزانن کە بەبێ خەباتی خۆیان و پێکهێنانی خەباتی جەماوەری ژنان ناتوانن زەخت و زۆرەکانی پیاوەمەزنی لەسەر خۆیان کەم بکەنەوە.

ژنانی کوردستانیش لەم رووەوە دەزانن کە ئەوان وەك نیوەی کۆمەڵگای کوردستان لە سیاسەت دا بەشدارییان کردووە و لە خەبات بۆ وەدەست هێنانی ئازادی و مافی چارەی خۆنوسین تێکۆشاون، شەهیدیان داوە و بە

سەدان ژن لە سیا چاڵەکانی رژیمی بەعس دا ئەشکەنجە کراون بەڵام لە بواری سیاسییەوە رۆڵی تایبەت بە خۆیانیان نەبووە.

هەر ئێستا ئەم جۆرە بیر کردنەوەیە لە باری داخوازییەکانیەوە، بزووتنەوەی ژنان هان ئەدات کە تەنیا لە چوارچێوەی بەرتەسکی داخوازییە چکۆلەکانی ژنان تێبکۆشن و کاریان لەوجۆرە سەنتەرانە بووە بەوە کە بەر بە لێدان و کوشت و بڕی کچان و ژنان بگرن. یان لە باری رێکخراوەشەوە، تەنیا بە پێکهێنانی سەنتەر و ئەنجومەن و رێکخراوەی چکۆلە بۆ ژنان قەناعەت بکەن.

دیارە ناوەرۆکی ئەم کارانە ئەرکی ژنانی تێکۆشەرە و لە جێگای خۆشیدا کەڵکی هەیە بەڵام گرینگ ئەوەیە کە ئەم شێوە بیرکردنەوەیە و ئەم شێوە لە رێکخراوانە، ژنان لە سیاسەت دور ئەکاتەوە و دەبێتە هۆی ئەوە کە کۆمەڵێکی بەرین لە ژنانی ئازا و لێهاتوو کە لە کۆمەڵگادا چالاکن و هەرکام لە شوێنی خۆیەوە خەریکی سەنتەر و ئەنجومەنی خۆیەتی و دنیای سیاسەتیان بۆ پیاوان بەجێ هێشتووە. خۆیان لە ئیش و کاری سیاسی و هێنانە مەیدانی جەماوەری ژنان مەحروم کردووە، کاریگەرییان نەمێنێ. ژنان ئەگەر بیر لەوە بکەنەوە کە بە ژمارە لەوانەیە لە پیاوان زیاتر بن! ئەگەر بیر لەوە بکەنەوە کە ئەم نیوەی کۆمەڵگایە نابێ ژێر دەستە و ژێر چەپۆکی پیاوان بێ! ئەگەر بیر لەوە بکەنەوە کە ئەرکی ئەوان تەنیا جل شۆردن و خوراك دروست کردن و بەخێو کردنی منداڵ نیە!

ئەگەر بیر لەوە بکەنەوە ژمارەی ئەوان لە هیچ ئەرکێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیدا نابێ لە نیوە کەمتر بێت!

ئەگەر بیر لەوە بکەنەوە کە تەنیا بە هێزی خۆیان و سەرجەم ئەو پیاوە ئازادی خوازانە کە پیاوسالار نین، دەتوانن بە مافی خۆیان کە یەکسانی ژن و پیاوە بگەن.

ئەوسا دەبێ بیر لەوە بکەنەوە کە رێکخراوی سەربەخۆی ژنان بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆری سیاسی پێك بێنن.

رێکخراوەی سەربەخۆی ژنان بەو مانا نییە کە پیاوی ئازادیخواز و یەکسانی خواز ناتوانێ تێیدا بەشدار بێ، بەڵکوو بەو مانایەیە کە دەبێ ژنان بۆ خۆیان رابەری رێکخراوەی خۆیان بن.

رێکخراوەی ژنان لەوانەیە ئەگەر بەم شێوەیەی ئێستاکە لە کۆمەڵگای کوردستان دا هەیە بتوانێ تا رادەیەك ئاسەواری خۆی دانێ و چەند دەسکەوتێکی بۆ ژنان تێدا بێ، بەڵام ئەگەر ببێتە رێکخراوەیەکی جەماوەری و بتوانێ زۆرینەی ژنانی کوردستان و عێراق بهێنێتە سەر ئەو قەناعەتە کە لە چارەنووسی خۆیاندا ئاڵوگۆرێکی یەکجار گەورەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری پێك دێنێ و لەوەش گرینگتر دەتوانن ببنە رێگا خۆشکەری ئازادی و دیموکراسی و سەربەخۆیی.

**محمد نبوی**